# جەلالی میرزا کەریم و ڕوانگەو
# چەند ئاوێنەیەکی بیرەوەری ئەو کاتە



شێرکۆ بێکەس

ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ دواوە، ڕێك بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو. ساڵانی هەرزەکارییی، ئەوکاتەی تازە بە تازە تۆڕەکانی سیاسەت لە شاری سلەیمانیدا خەریکبوون ئەیانگرتین. لە ڕێی بزووتنەوەی قوتابیانەوە، بۆ یەکەمجار جەلالی میرزا کەریمم ناسی. ئەو چەند ساڵێ لە من گەورەتربوو.

گەنجێکی موو زەردی، بالاّ مامناوەندی، هێواش‌و لەسەرخۆو کەمدوو. هەمیشە ڕۆژنامەیەك یان کتێبی لەبن هەنگڵدا. لەو ڕۆژگارەدا یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بە دزییەوەو دوور لە شار ئەنجام ئەدرا، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتە کە دیارترینیان (حزبی شیوعی) بوو هەموو ساڵێ لە نەورۆزدا دوو سێ لۆریەکی لە قەراغ شار، ڕێی تانجەرۆ، رائەگرت‌و ئێمەیش دوو دوو سێ سێ، خۆمان ئەگەیاندە ئەو شوێنەو سوار ئەبووین، ئەچووین بۆ ئەوبەری تانجەرۆ لە دەشتاییەکدا کە (چەقلاّوە) یان پێ ئەوت دائەبەزین‌و ئەمانکرد بە سەیران‌و لەهەمان کاتیشدا یادی جەژنی نەورۆزمان ئەکردەوە. سەیران‌و کۆبوونەوەکانی (چەقلاّوە) من‌و جەلالی زیاتر لە یەك نزیککردەوە. بیرمە هەر ئەو خۆی سیناریۆیەکی بۆ جەژنی نەورۆزو کاوەی ئاسنگەر نووسیبوو، دیارە ساکاربوو.

ئیتر یەکێك ئەبوو بە ئەژدەهاك‌و یەکێکی تر بە کاوەو شەش حەوتێ بە کوڕەکانی، تا ئەو ڕۆژەی کاوە بە خۆی‌و چەکوشەکەیەوە رائەپەڕێ‌و ئەچووە سەر ئەژدەهاك‌و مێشکی ئەپژان‌و ئاگری نەورۆزو سەرکەوتنی ئەکردەوەو ئێمەیش ئەمانکرد بە چەپڵە ڕێزان!. جەلال بەر لە ئێمە خەریکی شیعرنووسین بوو. جار بەجار لە هەفتەنامەی (ژین)دا شیعریان بۆ بلاّوئەکردەوە، گەلێ جاریش عەسران لە چایخانەکەی (حەمە ڕەق)ی بەهەشتیش یەکترمان ئەبینی. کۆمۆنیستەکان جموجۆڵیان زۆر بوو.

بەشی هەرە زۆری قوتابیانی ئەو کاتە لە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی گشتیی عیراقی سەر بەواندا بوون.

من له جەلالەوە نزیکتربووم، چونکە زۆر جار لە بارەی شیعری تازەو گۆران‌و هەردییەوە قسەی ئەکردو شیعرەکانیانی ئەخوێندەوە. لەو سەردەمەدا من هیچم نەبوو، بەڵام ئاواتی گەورەم ئەوەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان منیش بتوانم لەو شیعرە جوانانەی ئەوان بنووسم. جەلال ویستی بچمە ناو حزبی شیوعیی عیراقەوەو چەند جارێك داوای لێکردم. بەڵام من دوودڵ بووم‌و لە دواییشدا بڕیارم دا کە نەچم. لە ڕاستیدا ئەم دوودڵی‌و نەچوونەم لەبەر ئەوە نەبوو کە من بە هوشیارییەوە، یان لە ئەنجامی ئاگالێبوونمەوە لە دنیای سیاسەت ئەو بڕیارەم دابێت، چونکە لەو کاتەدا هەر هیچم نەئەزانی.

تازە بە تازە خەریکی خوێندنەوەی شیعری کوردی بووم‌و هیچی تر. هۆیەکە ئەوەبوو لەو ڕۆژگارانەدا پیاوێکی ڕووناکبیرو نووسەری سەردەمی (گەلاوێژ)م ئەبینی ناو بە ناو لە چایخانەکەی (مام ساڵح) لەسەر شەقامی مەولەوی لەگەڵیا دائەنیشتم‌و کەوتبوومە ژێر کاریگەریی قسەو بۆچوونە قەومییەکانی ئەوەوە، کە ئەویش مامۆستای خوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵا جەوهەر)بوو. دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨، هەموو بارودۆخەکان گۆڕان، ئێمە کەوتینە ناو بزووتنەوەی قوتابیان‌و لاوانی کوردستانەوە.

لەو ڕۆژگارانەدا جەلالم کەمتر ئەبینی، بەڵام ناو بە ناو ئەو شیعرانەم ئەبینی کە بڵاویئەکردنەوە لەو ساڵانەداو لە ناو نەوەکەی ئێمەدا جەمال شاربازێڕی لە هەمووممان بەهرەدارترو شاعیرتر بوو. پێموایە دوای چەند ساڵێك جەمالیش وازی لە حزبی شیوعی هێنا. ئەمجارە لە کۆتایی شەستەکانداو لە بەغدا یەکترمان بینییەوەو ئەوکاتە جەلال لە سیاسەت‌و حزبایەتی بێزار بووبوو. هەموو خولیایەکی بۆ شیعرو ئەدەب بوو. شیعری ئێمە تا ئەوکاتە، واتە هەموو شاعیرە تازەکان، لەژێر کاریگەریی زمانی شیعرو فەرهەنگی گۆران‌و هەردیدا بووین. بەغدای پایتەخت‌و خوێندنەوەمان بە زمانی عەرەبی‌و تێکەڵاویمان لەگەڵ ئەدیبانی عەرەبی عیراق‌و ئامادەبوونمان لە هەموو کۆڕێکی ئەدەبی‌و هونەریداو بینینی هەر شانۆنامەیە کە لەوێ بکرایەو چوونمان بۆ هەموو پێشانگەکان سەرلەبەرێ دنیابینیی ئێمەیان گۆڕی. بەکورتی بزووتنەوەی ئەدەبی‌و هونەری بەغدا، خوێندنەوەی بەردەوام، سەرلەنوێ ئێمەی دروستکردەوە. شیعرەکانی جەلال گەشەکردنێکی بەرچاویان پێوە دیاربوو. لە کۆتایی شەستەکان‌و سەرەتای حەفتاکاندا.

شەوانە مێزی ئێمە، مێزی گفتوگۆو ڕەخنەی ئەدەبی‌و باسی ناوەڕۆك‌و گێڕانەوەی کورتەی ئەو ڕۆمان‌و چیرۆکانە بوون کە خوێندبوومانن‌ەوە، هەر لەو ساڵانەدا بوو لە نزیکەوە شاعیرانی وەك فاضل العزاوی‌و حسب الشیخ جعفرو سەعدی یوسف‌و هەروەها فاضل ثامرو یاسین النصیرو عبدالستار ناصرو زۆری ترمان ناسی‌و لەگەڵیاندا دائەنیشتین‌و سوودمان لە ئەزموونەکانیان وەرئەگرت. جەلال لەبەر ئەوەی هاوڕێ‌و ناسیاوی عەرەبی زۆری هەبوو، ئەو گۆڤارو کتێبانەیشی دەست ئەکەوت، کە ئێمە نەمانبوون. یەکێك لەو خاسیەتە جوانانەی لە جەلالدا هەبوو جگە لە هێمنی‌و بێدەنگییەکەی، هیچ جۆرە هەڵپەیەکی خۆدەرخستن‌و خۆبردنەپێشەوەی نەبوو، نازانم من ڕۆژێ لە ڕۆژان تووڕەبوون‌و هەڵشاخانەوەو ئێرەیی پێبردن‌و ڕق ئەستووریم لەودا نەبینی، بەڵام لەهەمانکاتدا دڵیشی زۆر ناسك بوو. ئێمە لە دوای ئەو بەخۆداچوونەوەو گەشەکردنەی ناو بەغداو خوێندنەوەی زۆرمان هەستمان بەوە کردبوو کە لەو دە ساڵەی پێشتردا ئەدەبی کوردی بە گشتی تووشی جۆرە چەقینێك بووە. هیچ جۆرە ئەفراندنێکی تازە لە ئارادا نەبوو چ لە شیعرو چ لە چیرۆکداو خۆ ڕەخنەی ئەدەبییش ئەوە هەر لە جێی نەبووان بوو. دیارە ئەو هۆیانەی لە پشت ئەو چەقبەستنەوە بوون، بارودۆخی سیاسیی مەسەلەی کورد بوون کە هەموو دەرگایەکیان لەسەر ئەدەب‌و کولتوور داخستبوو.

ڕێگە لە هەموو ئازادییەکی سیاسی‌و ڕووناکبیری گیرابوو. ئیتر ئەو دەستەیەی بەهۆی کارکردن‌و بژێویی ژیانەوە کەوتبووینە بەغداو ئەوێ بووبوو بە نیشتەجێمان، ڕۆژانە یەکترمان ئەبینی. ئێمە لە ساڵی (١٩٦٩)ەوە بیرمان لەوە ئەکردەوە بۆ ئەوەی ئەم بەستەڵەکە بشکێنین، بۆ ئەدەب‌و ڕووناکبیری چی بکەین باشە؟!

چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (شعر)ی ئەدۆنیس‌و یوسف الخال-مان بینیبوو، هەروەها چەند دانەیەکی گۆڤاری گالیری ٦٨ی میسری کە دەستەیەك لە شاعیران‌و نوێخوازی ئەو کاتەی میسر دەریان ئەکرد،

گۆڤاری (شعر ٦٩)ی بەغدایش کاریگەریی خۆی لەسەر ئێمە هەبوو، پێشتریش گۆڤاری (الاداب)ی بیروتی ڕێگای ڕۆشنی لەبەردەمدا کردینەوە بەتایبەتی بووە هۆی ئەوەی گەلێ لە نووسەران و شاعیرانی جیهانمان پێ بناسێنێ، هەروەها گۆڤاری (اداب اجنبیە) یەکێك بوو لەو گۆڤارانەی هەوڵمان ئەدا هەموو ژمارەکانیمان دەست بکەوێت.

کتێبە بەنرخەکەی گارودی (ریالیزمی بێ کەنار) یەکێ بوو لەو سەرچاوانەی کە بینین و باری سەرنجی ئێمەی دەربارەی بزووتنەوەی نوێخوازی گۆڕی. من بۆ خۆم ڕەنگە دە جار ئەو کتێبەم خوێندبێتەوە. وەرچەرخانی گەورەی ئەو ڕۆژگارە چ لە ژیانی سیاسیو چ لە ژیانی ئەدەبیو کولتووریدا، ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردو حکومەتی عیراق بوو. دوای چەندین ساڵی وشك و برنگی و بێ بارانیی ئەدەب و هونەر، لە چەندین لاوە دەرگامان لەسەر کرایەوە. ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان ڕوو لە زیادبوون بوون. بزووتنەوەی شانۆو هونەری شێوەکاریو گۆرانیو مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد. بە ڕێژەیەکی کەمیش ئازادیی رادەربڕین باشتربوو. ئەم وەرچەرخانە گوڕوتینێکی تازەی دا بە ئێمە بۆ ئەوەی بجوڵێین و قسەی خۆمان بکەین، ئیتر ئا لێرەوە بیرۆکەی بانگەوازێکی ئەدەبیی تازە بووە جێی مشتومڕو لێدوانی ناو خۆمان. جەلالی میرزا کەریم لەو کەسانە بوو کە بە حەماسەتێکی زۆرەوە ئەیویست ئەم بیرۆکەیە بکەین بە شتێك و دوای نەخەین. لە ڕاستیدا چوار کەسمان تەوەرە سەرەکییەکانی ڕوانگە بوون. حسەین عارف و جەلالی میرزا کەریم و کاکە مەم و من.

هەڵبەت لە ناو ئەڵقەکانی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەدا ئەوانەی بە تەمەن لە ئێمە گەنجتربوون و ئەو کاتە هەندێکیان خوێندکاری زانکۆ بوون لەوانە سەلاح شوان و ئەنوەر قادر محەمەدو سامی شۆڕش، هەروەها سەلام محەمەدو عەبدوڵلا عەباس و هەندێکی تر بوون و لە هەموویشیان چالاکتر سەلاح شوان بوو، چونکە دواتر هەر سەلاح خۆی سەرپەرشتیی دەرکردنی گۆڤاری (ڕوانگە)ی ئەکرد، کە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو. دیارە هەر لەو ڕۆژگارەدا شاعیران و نووسەرانی تر هەبوون کە نزیك بەو ئەڵقانەی ئێمە نەبوون، بەلام لەهەمان کاتدا ئەوانیش هەر لە خولیای ئەفراندن و تازەکردنەوەدا بوون، هەر کەسەو بە ستایلی خۆی. لەوانە: لەتیف حامیدو پەشێو و فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت و دواتریش ڕەفیق سابیر.

دیارە من لێرەدا مەبەستم لە سەرەتای حەفتاکانە، ئەگینا لە ساڵانی دواتردا چەندین بەهرەی دیارو جوانی وەك کەریم دەشتیو دڵشاد عەبدوڵلاو جەلال بەرزنجیو نەوزاد ڕەفعەت و کەسانی دی دەرکەوتن. لەو سەردەمەداو هەر لە بەغدا (مەحمود زامدار) دینەمۆی کۆڕو کۆبوونەوەکانمان بوو، لە هاوڕێو دۆستە هەرە نزیکەکانمان بوو. ئاگای لە بزووتنە تازەکانی ناو وڵاتانی عەرەب و دنیابوو. جگە لە زمانە کوردییە باشەکەی، زمانە عەرەبییەکەیشی تۆکمە بوو. بۆ یەکەمجار لە ڕێی تەرجەمەی ئەوەوە، بەشێك لە کورتە شیعرەکانم گەیشتنە ناو ڕووناکبیران و شاعیرانی بەغدا. لە بیرمە ئێوارەیەك لە یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عیراق و لەسەر مێزێك کە حسب الشیخ جعفرو کۆمەڵێ نووسەرو شاعیری تری کۆکردبۆوە، زامدار کۆمەڵێ لەو شیعرانەی منی خوێندەوەو ئەمە یەکەمین جاریش بوو کە ئەمانە گوێیان لە شیعری من بێت!. حسب الشیخ جعفر بە گەرمی پێشوازیی لەو شیعرانە کردو لە بیریشمە وتی: ئەم شیعرانە لە شیعری هایکۆی یابانییەوە نزیکن!. جەلالی میرزا کەریم لە ڕێی گۆڤاری (بەیان)ەوە بایەخێکی زۆری بە بەرهەمی نەوەی تازە ئەداو پشتگیریی ئەکردن، هەر ئەمەیش بووبووە هۆی ئەوەی لە چەند لاوە دژایەتی بکرێت. هەر لە سەرەتای حەفتاکانیشدا بوو جەلال شیعرە جوانەکەی (مەحمود دەروێش) کە لە کۆتایی شەستەکاندا بۆ کوردستانی نووسیبوو بە شیعرەوە کردی بە کوردیو لە ناو خەڵکیدا دەنگێکی باشی دایەوە. هەروەکو لە سەرەتایشدا ئاماژەم بۆ کردبوو جەلال ئەینووسی، بەلام کەمی بلاوئەکردەوە. هیچ جۆرە هەڵپەیەکی خۆدەرخستنی نەبوو. زۆر درەنگیش یەکەم دیوانی خۆی چاپکردووە، بەلام لە ١٩٧٤دا شەڕی نێوان حکومەت و شۆڕش دەستپێکردەوەو دەستیش بەسەر دیوانەکەی ئەودا گیرا. پێموایە دوای ئەوەی ڕوویکردە ئەمریکا لەوێ هەندێ لە شیعرەکانی خۆی چاپکرد. لە ١١ی ئازاری حەفتاوچواردا دوای ئەوەی حکومەت لە بەڵێن و ڕێککەوتنەکانی خۆی پەشیمان بۆوە، بە دەیان نووسەرو ڕووناکبیر ڕوویانکردە شاخ و

چوونە پاڵ شۆڕشی ئەیلول. ئەمجارەیان لە ئازادیی نزیکی حاجی هۆمەرانو لەژێر چادرەکانی بارەگای ڕاگەیاندندا لەگەڵ جەلالدا یەکمان گرتەوە. پێموایە ئەو و سەلاح شوانو ئاسۆی جەمال موختار لەژێر یەك چادرداو پێکەوە ئەژیان. چادرەکەیان بەرامبەر چادرەکانی ئێمەبوو. ئەنوەر قادر محەمەدو عەبدوڵڵا عەباسو من پێکەوەبووین. شەوان سەردانی یەکترمان ئەکرد، ئەگەر شیعری تازەمان هەبوایە بۆ یەکترمان ئەخوێندەوە. جەلال لە بارودۆخەکە بێزاربوو، وەك جۆرە مانگرتنێکی بێدەنگ بڕیاری دابوو هیچ کارێ نەکات. ئێمە ناو بەناو تەرجەمەی هەواڵو دەنگوباسو وتاریشمان بۆ ڕادیوی ئەنووسی، بەڵام ئەو ئەوەیشی نەئەکردو گاڵتەی بە زۆرشت ئەهات!. جەلال ژنی نەهێنابوو هەروایش مایەوە تا کۆچی دوایی کرد.

من تا کۆتایی هاوینی ئەو ساڵە لەوێ مامەوە، بەڵام ڕۆژێك لە پێنجوێنەوە برووسکەیەکم پێگەیشت کە ئەبێ بگەمە (بناوەسووتە)، چونکە نەسرینو منداڵەکان لە ترسی دوژمن هەڵاتبوونو چاوەڕوانی منن. بەرپرسی ئەوکاتەی ڕاگەیاندن شەهید دارا تۆفیق بوو. چووم بۆ لایو مەسەلەکەم تێگەیاندو ئەویش لە وەڵامدا وتی: دیارە ئەبێ هەڵاتوو بچێتە مەریوانو لەوێ بژین. ئەگەر توانیشت ئەتوانی ناو بە ناو وتارمان بۆ بنووسیت. بەو جۆرە من ئازادیم بەجێهێشتو ڕوومکردە ناوچەی پێنجوێن. کە شۆڕشی ئەیلول دوای ڕێککەوتنی سەدامو شای ئێران نوشوستی هێنا من لە مەریوان بووم. لەو ڕۆژگارەدا چ پێشمەرگەو چ کەسانی وەکو ئێمەومانان یان ئەبوو خۆیان تەسلیم بە عیراق بکەنەوە یان لە ئێراندا بمێننەوە. لە ڕاستیدا بەشی زۆری پەناهەندەکانی مەریوان بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ سلەیمانی. بەشێکی کەمیش لە ئێراندا مانەوە. من دوایی بیستم کە جەلالی میرزا کەریمیش بڕیاری ئەوەی داوە نەگەڕێتەوە بۆ عیراقو لە ئێراندا بمێنێتەوە. دوای چەند مانگێ ئەمریکا بڕیاری ئەوەی دا ژمارەیەك لەو کوردانە وەك پەنابەر لە ئەمریکا وەربگرێ. جەلال خۆی لەو لیستانەدا ناونووس ئەکاو لە دواییدا ئەچێتە ئەمریکاو پێموابێ لە ویلایەتی تەکساس جێگیرئەبێ. بەمجۆرە ئیتر ئاگامان لە یەکتر نەما. دوای پازدە ساڵ ئەو کاتەی سەفەری ئەمریکام کرد یەکێك لە وانەی هاتبوو بۆ فڕۆکەخانە جەلال بوو، بەڵام ئەمجارە تێکشاو و گۆچانێ بەدەستەوە. هەروەك خۆی دوایی بۆیگێڕامەوە بەر لە چەند مانگ بەهۆی گەڕانەوەی ئۆتۆمبیلێ بۆ دواوە کە ئەم ئاگای لێنەبووە لێی ئەداو ئیتر تا چەند مانگێ لە خەستەخانە ئەبێو دوو سێ نەشتەرگەریی بۆ ئەکرێو لە لێواری مردنەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ژیان، بەڵام بە زیانێکی زۆرەوە. جەلال لەو ساڵانەی دواییشدا ئەینووسی، بەڵام زۆر کەم. ئاواتی گەورەی ئەوەبوو بگەڕێتەوە. دوای ڕاپەڕینو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کاتە من پۆستی وەزارەتی ڕۆشنبیریم وەرگرتبوو، لە ساڵی ١٩٩٢دا گەڕایەوە بۆ هەولێرو بوو بە بەڕێوەبەری ڕادیۆی حکومەتی هەرێم، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی نەخایاند هەر لە هەولێر بەیانییەك جەڵتە لێیدابوو، کە من گەیشتمە خەستەخانە لەو جەڵتەیە ڕزگاری بووبوو. پێی وتم: بۆ هاتووی؟ من باشمو سبەینێش ئەگەڕێمەوە سەر کارەکەم!. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە جارێکی تر جەڵتەکە بۆی گەڕابۆوە، ئەمجارە بۆ هەتا هەتایە چاوی لێکنا!.

***

تا ئێرە ئەم قسانە گێڕانەوەی هەندێ بیرەوەری بوون، بەڵام هەر ئەم سیاقە خۆی چەند پرسیارێ لەگەڵ ئەو بیرەوەرییانەدا گەڵاڵە ئەکاتو ڕووبەڕووی ئێمەی ئەکاتەوە، لەوانە: ڕوانگە چی بوو؟! چۆن دروست بوو؟! توانیی چی بکات؟! بۆ بەردەوام نەبوو؟! لەگەڵ چەندین پرسیاری تریشدا کە ڕەنگە لە خەیاڵی خوێنەری ئەم دێرانەدا لە هاتوچۆدابن.

بەر لە هەر شت ئەمەوێ ئەو بۆچوونە هەڵەیە ڕاستبکەمەوە کە هەندێ کەس پێیان وابوو یان پێیان وایە کە (ڕوانگە) گەمەیەکی سیاسیو ئایدیۆلۆژیی لە پشتەوە بووە!. لە ڕاستیدا ئەو چوار ناوەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوونو بیرۆکەی ڕوانگەو بزووتنەوە ئەدەبییەکەیان هێنایە کایەوە. هەر یەکەیان لە بێزاریو نائومێدیی ساسییەوە بە گەرمی هاتبوونەوە ناو بزووتنەوەی ئەدەبیو هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سیاسییان لەگەڵ هیچ کام لەو ئایدیۆلۆژی حزبیو سیاسییەدا نەمابوو کە پێشتر تیایدا بوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەر یەکێکیان خاوەن بینینو ڕوانگەی سیاسیی خۆی نەبووبێ. لەو سەردەمەدا کورد لە گەورەترین قەیرانی وجودیی خۆیدا بوو، ئەم

قەیرانە هەموو شتێکی بە ئەدەبیشەوە بە ڕەنگی خۆی ڕەنگکردبوو. تەنانەت ئەو ڕۆژگارە چ لە ناوچەکەداو چ لە هەموو دنیایشدا ڕۆژگاری (شۆڕشو شۆڕشگێڕێتی) بوو. ڕۆژگاری ڕاپەڕینی خوێندکاران لە پاریسو ڕۆژگاری شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتینو هاتنەکایەی سومبولی وەك گیڤاراو گەلێکی تربوون. ئەمە فۆرمو ناوەڕۆکی زاڵی ئەو سەردەمە بوو. ئێمە ئەمانویست بزووتنەوەکە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبیو هونەری بێت، بەڵام بەو بارەدا کە مرۆڤایەتیی پێشکەتووخوازی ئەو چەرخە خواستی بوو. لە ڕاستیشداو هەر لە جەوهەریشدا ئەگەر ئەدەبێ لە مرۆڤایەتیو هەستە جوانەکانی ژیانو مرۆڤ دابڕا ئەدەب نییە. لەو سەردەمەدا (تازەکردنەوە) لای ئێمە دوو تەوەری گرنگی هەبوو: تازەکردنەوە لە بینیندا بۆ ژیانو مرۆڤو نەتەوەکەمان. دووەمیان تازەکردنەوە لە خودی زمانی دەربڕینی ئەدەبیی خۆیدا کە لەلای ئێمە تووشی وشکهەڵاتنو چەقبەستنێکی تەقلیدی بووبوو. ئێمە ئەمانویست لەو قاڵبانە بچینە دەرەوە. ڕاستە تۆ ئەگەر لە ئێستەدا بانگەوازەکەی ڕوانگەی ئەوسا بخوێنیتەوە، ئەبینی بانگەوازێکی لاوازەو قوڵایی فیکریو مەعریفیی تێدا نییە. نکووڵی لەمە ناکرێ. هۆی ئەمیش لە ڕاستیدا بۆ ئەو بارودۆخە ئەگەڕێتەوە کە ڕوانگەی تێدا دروست بوو. ئێمە وامان بیرئەکردەوە، ئەو دەرفەتەی دوای بەیاننامەی ئازار دروستبووە، تەمەنی زۆر کورت ئەبێو ناگاتە ساڵێ، بۆیە پەلەمان کردو ئەمانویست ڕۆژێ زووتر ئەو هاوارەی خۆمان بکەین. هاواری ڕوانگە هەر ئەوەندە بوو ئەوە بدا بە گوێی هەمووواندا: کە کۆمەڵێ یان ئەدەبێ ئەگەر لەگەڵ نوێکاریی ژیاندا نەڕوات ئەمرێتو کۆتایی دێت. ئەگەر زمانی هەر نەتەوەیەکیش، بەتایبەتی زمانی ئەدەبی بە ئەفراندنی تازە تەژی نەکرێت، ئەویش هەر ئەمرێت. (گۆڕان) خەمە گەورەکەی ڕوانگەبوو، بۆیە هەموو جار لە وەڵامی ئەوەدا کە ئەپرسن ڕوانگە چیی کرد؟! ئەڵێم: تەنها هەر ئەوەندە بەردێکی هاویشتە ناو گۆمێکی مەندەوەو شڵەقاندی!، یەکێك لە قسەکانی تری ئێمە لەو کاتەدا ئەوەبوو کە (کولتوور نەکەین بە بەندیخانەی خۆمان) لایەنێکی ڕووناکی ڕوانگە ئەوەبوو، کە لەو سەردەمەدا، ئازادیی ژنی کردبوو بە پێوانەیەکی گەورەی ژیانو ئازادی لە هەموو دنیادا. بەداخەوە تا ئێستا هیچ ئاوڕێکی جیدی لەو بانگەوازە ئازادییەی ڕوانگە نەدراوەتەوە کە نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر بەناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن)ەوە بڵاویکردەوە، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا کە هەندێ مەلای هەڵەبجەو شاری سلەیمانی کردبوویانە سەر ئازادیی ژنو داواکردنو لابردنی پەچەو عەبایان بە جۆرێك لە کفرکردن لەقەڵەم دابوو! ئەوە یەکەمجار بوو کە بە ئاشکرا ڕووناکبیرانو کۆنخوازان لەسەر مەسەلەی ژنو مافی ژنو ئازادیی ژن تووشی شەڕی دەستەویەخە بنو بە بڕوای من ئەم خاڵە لە بزووتنەوەی ڕوانگەدا پڕشنگدارترین خاڵو جومگەی بەهێزی بیروبۆچوونی ئەو ڕۆژگارەی ڕوانگەبوو. هیچ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نییە لە حاڵەتی یەکەمی بانگەوازی خۆیدا هەموو بەڵگە ئەدەبییە ئیبداعییەکانی خۆیشی بەدەستەوە بێت. ئەمە زەمانو وەختی ئەوێت تا قسەکان ئەبن بە بەرهەمی ئەدەبیو پێئەگەن.

من پێموایە ئەوەی ڕوانگە لە ١٩٧٠-١٩٧١دا وەك ئەفراندن مەبەستی بوو تا ناوەڕاستی حەفتاکان دەرنەکەوتن. ئێمە هەر ئەوەندەمان کرد مۆمێك دابگیرسێنین، هاوارێك بکەینو زەنگێك لێبدەینو وشەی ڕوانگەو تازەکردنەوەو نوێخوازی بکەین بە پەیامێك بۆ نەوەی تازە. دیارە ئەوەیش هەر دروستە کە ئەفراندنی ئەدەبی پەیوەندیی بە بانگەوازی دەستەجەمعییەوە نییەو وەك سەرئەنجام کارە ئیبداعییەکان بۆ تاکەکان خۆیان ئەگەڕێنەوە. وەلێ ئەو ڕۆژگارەی ئێمە (وروژاندنێکی پێویست) بوو بۆ ئەوەی ئەو چەقبەستنە خۆیو خەڵكو نەوەی تازەشی لێ ئاگاداربکاتەوە. ڕوانگە ئەوەی کرد، تەنانەت ڕوانگە لەگەڵ هاوارەکەی خۆیدا کۆمەڵێ دەنگی دژو نەیاریشی جوڵان کە تا ئەوکاتە بێدەنگ بوون، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی سەرەتای ڕێگەیەکی —با تەنگو باریکیش بێ- لەبەردەم ڕەخنەی کوردیدا بکاتەوەو بۆ یەکەمجار لە دوای چەندین ساڵی نەبوونی دیالۆگو ڕەخنە جۆرێك لە مشتومڕی ئەدەبیو ڕای جیاواز بێنینە کایەوە. بۆ یەکەمجاریش لە دووریانی ئەفراندندا شیعرو هونەری شێوەکاری دیوارەکانی نێوانیان بڕوخێننو لە پێشانگەی هاوبەشدا یەکبگرنەوە. کۆڕە ئەدەبییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد -بۆ ئەدەبی لاوان- لە بەغدا کە هەر لەلایەن ڕوانگەییەکانەوە بەڕێوەئەبرا ئەمەیشیان لە زنجیرە کۆڕێکی یەك لە

دوای یەکدا چەندین پرسیاری تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە پێشتر لەو جۆرە چالاکییانە لە ئارادا نەبوو. لە لایەکی تریشەوە ناکرێ تۆ لە چاوی ئەم ڕۆژگارەی ئێمەوە تەماشای بزووتنەوەی ئەدەبیی ڕوانگەی بەر لە سی ساڵ بکەیت. ئێمە ئاواتەخوازیان بووین، چونکە هێشتا لای هەموومان ئەزموونەکان قاڵ نەبووبوونەوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣و ١٩٧٥دا چەند تێکستێکی شیعریو ئەدەبیی جوان لای حسەین عارفو جەلالی میرزا کەریمو کاکە مەمو سەلاح شوانو سەلام محەمەدو ئەحمەد شاکەلی، (ئەوانەی لە ڕوانگەدا بوون یان لە ڕوانگەوە نزیك بوون) بڵاوبوونەوە. سەرەتای ئەو وەرچەرخانە لای من لە قەسیدەی (گینگڵ)و چەند قەسیدەیەکی تری ناو دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)وە دەستپێئەکاتو دواتر لە هاوینی ١٩٧٥دا قەسیدەی (کۆچ) وەك قەسیدەیەکی درامیی درێژ ئەزموونەکە دەوڵەمەندتر ئەکات. چیرۆکەکانی گەلەگورگی حسەین عارفو هەندێ لەو چیرۆکانەی کە حسەین لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٨ نووسیبوونی وەك چیرۆکی (کانی ڕەحمان) جوانترین نموونەی ئەو تازەکردنەوەو نوێخوازییە بوون کە ئێمە بۆ ئەدەبێکی بەرز چاومان تێبریبوو. دیارە ئەم قسانەم ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەگروپەکەی ڕوانگەوە هەیەو هیچی تر. ئەگینا ئەزانم کە شاعیرانو ئەدیبانی تریش لەم تازەکردنەوەیەدا چییان بەخشیوە. ئێمە بە هەزار دەردەسەری توانیمان سێ ژمارەی (ڕوانگە) دەربکەین. لاتو لەواربووینو توانای چاپکردنی هیچ کتێبو شتێکی ترمان نەبوو. ئەو سێ ژمارەیەش بە هاوکاریو یارمەتیی ئەدەبدۆستان دەرکراو ئەرکە هەرە ناخۆشەکەیشی کەوتبووە سەر شانی سەلاح شوان کە چاپخانەیەکی هەرزانی لە (نەجەف) دۆزیبووەوەو هەموو جارێ لە بەغداوە ئەچوو بۆ ئەوێو سەرپەرشتیی چاپکردنەکەی ئەکرد. ئەو سێ ژمارەیەی گۆڤاری ڕوانگە بەهێز نەبوون، بەڵام لە تێکستی جوانیش خاڵی نەبوون. وەلێ بە شەڕبوونەوەی نێوان حکومەتو شۆڕشی کورد چرای گۆڤاری ڕوانگەیش کوژایەوە. من پێموایە ئەگەر ڕێککەوتن یان ئاگربەستی نێوان حکومەتو شۆڕش درێژەی هەبوایە چ گۆڤاری ڕوانگەو چ بزووتنەوەی ڕوانگە خۆی گەشەکردنی گەورەی بەخۆیەوە ئەدی، چونکە ئێمە چەندین پرۆژەی ئەدەبیمان لە خەیاڵدا بوو کە دیارە ئەوەیش بارودۆخی لەبارو گونجاوی ئەویست بۆ ئەوەی بێنەدی.

لە ئێستەدا کە ئاوڕ لەو ڕۆژگارانە ئەدەمەوە هەستئەکەم ئێمە لە زۆر هەڵوێستو نووسینو بڵاوکردنەوەدا ڕەنگە پەلەمان کردبێ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەزانم کە تێکستی جوانیشو هەڵوێستی ئەدەبیو کۆمەڵایەتی ئازایانەشمان هەبووە. لەو ڕۆژگارەدا لە ڕووی فیکریو مەعریفیو زانیارییەوە هێشتا لە بوارە تەنکەکاندا بووین. ئەبوو زۆر زیاتر خۆمان ماندووبکردایە، ئەوەندەیش وەختی خۆمان نەدایە بە مێزی شەوانەو کورسیی چایخانە!... ڕوانگە کاری زۆر گەورەی نەکرد چ لە ڕووی ئەدەبیو چ لە ڕووی فیکریو مەعریفییەوە، بەڵام گۆمێکی شڵەقاند کە جۆرە سەردەقی شکێنەیەك بوو بۆ فیکری تازەو ئەدەبی تازە، بەتایبەتی لە نموونە جوانەکانی شیعرو چیرۆکدا. ڕوانگە مۆمێك بوو ئەگەرچی زوو کوژایەوە، بەڵام لە تەمەنی کورتی ڕووناکی خۆیدا، ئەوەندی کرد کە هەم تاریکی داچڵەکێنێو هەم ڕێگەی نوێخوازیش لەبەردەم نەوە تازەکانی دواتردا بکاتەوە.